# ماریا مەعلوف: ئامادەم بەرنامەیەکی تایـ



ماریا مەعلوف یەکێکە لە بەناوبانگترین بێژەرە لوبنانیەکان لە شاری زەحلە لەدایکبووە، هەرچەندە دەرچووی کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام خۆشەویستی بۆ کاری راگەیاندن وایلێکرد کە روو لە تەلەفزیۆن بکات، بەوە ناسراوە کە کێشەی سیاسی گەرماو گەرم دەوروژێنێت، لە هەمان کاتدا رەخنەش لە سەرکردایەتی عەرەب دەگرێت، لە رێگەی هەنا ئەلحاج کە راگەیاندنکارێکی لوبنانییە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.



# ـــبەت بە کێشەکانی لاوان پێشکەش بکەم

*** چۆن تۆ هەڵبژێردرای بۆسەرنووسەری گۆڤارێکی سووری لوبنانی؟**

- کە داوام لێکرا بۆ لە ئەستۆ گرتنی ئەرکی سەرنووسەری ئەم گۆڤارە، دوای لێوردبوونەوە هەستم کرد کە کارێکی پێویستە، بۆیە لەسەر ئەو داوایە رازی بووم.

*** بێژەر چۆن دەبێ کارێکی وا بکات کە رەنگدانەوەی لەسەر کارەکانی نەبێت؟**

- بەر لە هەموو شتێك ئێمەش مرۆڤین، بەڵام رەنگە کارەکەمان جیا بێت، ئەویش لەبەر ئەوەی زۆرترین خەڵك دەمانبینێ و هەمیشە لەژێر چاودێریداین، بۆیە نابێت وا دەربکەوین کە رەنگدانەوەی بەسەر ژیانی ئاساییمانەوە هەبێت، واتە نابێ بینەر هەست بەو شتانە بکات کە لە ناخماندا هەیە، هەرچەندە دەبێ ئێمە ئاوێنەی جەماوەر بین، بەڵام ناکرێ ئێمە گرفتێکمان هەبێت جەماوەریش بخزێنینە نێو ئەم گرفتانە.

*** بێژەر چۆن دەبێ دەربڕی خواستەکانی جەماوەر بێت؟**

- بێژەر و راگەیاندنکاریش وەك هونەرمەند خاوەن هەستێکی ناسکە و زووتر لە کەسانی تر هەست بە ئێش و ئازارەکانی خەڵك دەکات، چونکە ئەویش بەشێکە لەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت.

*** تۆ بە پێشکەشکردنی بەرنامە سیاسییەکان دەستت پێکرد، بۆ تۆ کاری راگەیاندن لەگەڵ سیاسەتمەداران ئاسانترە یان لەگەڵ هونەرمەند؟**

- بێگومان لەگەڵ سیاسەتمەدارێك ئاسانترە، چونکە ئەو بابەتەی تۆ دەتەوێت لەگەڵ سیاسەتمەدارێك دیاریکراوە بە هەمان شێوە پرسیارەکانیش دیاریکراو و سنووردارن، بەڵام لەگەڵ هونەرمەندێك پێویستت بە زانیاری تایبەت لەسەر ئەو کەسە هەیە و رەنگە خەڵك زیاتر گرنگی بە وردەکارییەکانی ژیانی هونەرمەندێك بدات لەوەی سیاسەتمەدارێك.

*** چ کەناڵێك بۆ تۆ کار کردنی تێیدا خۆشترە؟**

- ئێستا کاری بێژەری وەك یاری تۆپی پێ بووەتە کارێکی پیشەگەری، ئەمرۆ لەم کەناڵەم بەیانی دەچمە کەناڵێکی تر، بۆیە دەبێ خۆم لەگەڵی رابهێنم، هیچ جیاوازییەکی بۆمان نەبووە، چونکە لە هەموو ئەو شوێنانەی کارم کردووە بە دڵسۆزی کاری خۆم کردووە و هەوڵمداوە رووەکی گەشی ئەو شوێنەی لێی کار دەکەم، نیشانی بینەر بدەم.

*** زۆر لە بێژەرەکان هەن بۆ ماوەیەکی زۆر لە کەناڵێك دەمێننەوە، هەندێکیشیان زوو زوو شوێنی کارکردنیان دەگۆڕن، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمە تایبەتە بە خۆیان، رەنگە بارودۆخی تایبەتیان کاریگەری لەسەر ئەم کاریان هەبێت.

*** هەندێك لە بەرنامە هەن زیاتر لە بێژەرێك پێشکەشی دەکەن ئەم کارەچۆن دەبینی؟**

- بەرنامەی لەم شێوەیەم پێشکەش نەکردووە، بەڵام ئەمەشیان تاموچێژ و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

*** بەر لە ماوەیەك تۆ بەوە تاوانبار کرای کە بە رواڵەت دژی ئەمریکای و بۆ منداڵبوونیش چووی بۆ ئەمریکا، چۆن وەڵامیان دەدەیتەوە؟**

- زۆر ئاساییە کە هەر یەکێك لە ئێمە لە ئەمریکا یان لە هەر وڵاتێکی دیکە منداڵی ببێت و رەگەزنامەی وڵاتەکەی وەربگرێت، تەنیا من ئەو کارەم نەکردووە زۆر لە هونەرمەندان و بێژەر وسیاسەتمەدارانیش بە ئاشکرا ئەو کارە دەکەن و کەسیش باسیان ناکات، نازانم بۆچی باسی من دەکەن.

*** جوانی تا چەند گرنگە بۆ بێژەر؟**

- بێگومان رووخسار و چۆنیەتی دەرکەوتن هۆکاری زۆر گرنگن بۆ سەرکەوتنی بێژەر، بەتایبەتی ئافرەت، بەڵام مەرجیش نییە هەموو شتێك بێت.

*** هونەری لوبنانی بەتایبەتی گۆرانی گوتن پێشکەوتووە، بەڵام هەندێك لە لوبنانییەکان بەدوور کەوتن لە رەوشت و دابونەریت تۆمەتبار دەکرێن، وەك راگەیاندنکارێك چۆن وەڵامی ئەمانە دەدەیتەوە؟**

- نەك لەبەر ئەوەی کە لوبنانیم، بەڵام بە شایەدی هەموو لایەك لوبنانییەکان سەرکەوتوون، سەبارەت بەو گۆرانیبێژانەی باسیان دەکرێت بە دەرچوون لە رەوشت ناکرێ ئەمە بۆ هەموو لوبنانییەکان حیساب بکرێت، چونکە ئێمەش دژی هەڵسوکەوتی زۆربەیانین و رەخنەشیان لێدەگرین.

*** بەڵام بۆچی لەبواری نواندن وەك گۆرانی سەرکەوتوو نین، هۆکاری ئەمە چییە؟**

- پێچەوانەی ئەو رایەم، چونکە لوبنانییەکان لە نواندنیش خاوەن هونەرمەندی زۆر سەرکەوتوون کە کاری زۆر باش و سەرکەوتوویان پێشکەش کردووە، بەڵام ناگەین بە ئاستی سوریا و میسر.

*** ئایا رەخنە قبوڵ دەکەی؟**

- یەکێکم لەوانەی کە رەخنەیەکی زۆر ئاراستەی خۆم و کارەکانی خۆم دەکەم، بەتایبەتی ئاقیکردنەوە تایبەتییەکانم، زۆر جاریش لە هەندێك شت پەشیمان دەبمەوە، چونکە دەمتوانی کاری جوانتر یان بەشێوەیەکی جوانتر دەربکەوم.

*** ئامادەی بەرنامەیەکی تایبەت بە لاوان پێشکەش بکەی؟**


- لای ئێمە ئەمکارە وەك پێویست قبوڵ ناکرێت، بەڵام لە رۆژئاوا کارێکی ئاساییە، سەبارەت بە خۆیشم زۆر ئاساییە کە بەرنامەیەکی تایبەت بە لاوان پێشکەش بکەم، چونکە یەکێکە لە گرنگترین چینەکانی نێو کۆمەڵ و کێشەکانی لاوان کێشەی بەردەوامن و پێویستیان بە چارەسەر هەیە، لە هەمان کاتدا پەیوەندی بە ژیانی هەموو خێزانێکەوە هەیە.





## ئەنجێلینا شێتە

پاسەوانی تایبەتی هونەرمەندی بەناوبانگی جیهانی "ئەنجێلینا جۆلی" لەدیمانەیەکدا ئەنجێلینا بەشێت ناودەبات و دەڵێت کاتێك توڕە دەبێت، نەك تەنها ئەزیەتی کارمەندان و پاسەوانانی ماڵەکەی دەدەات، بەڵکو مێردەکەی "برادبێت" و منداڵەکانیش بێ بەش نابن، لەلایەك کەلوپەل دەشکێنێت و لەلایەکی تر لەم دەدات و گاز لەوی تر دەگرێت.



## جێسیکا دەیەوێت وەکو خانمی یەکەمی ئەمریکا بێت



گۆرانیبێژ و ئەکتەری ئەمریکی جێسیکا سەمبسن، هیوایەکی خۆی لە یەکێك لە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئەو وڵاتە ئاشکراکرد، کە ئەو دەیەوێت وەك میچێل ئۆبامای خانمی سەرۆکی ئەمریکا بێت، چونکە ئەو ئافرەتێکی زۆر زیرەکە و باش بیردەکاتەوە، خاوەنی بەهێزترین پیاوی جیهانە و خاوەن کەسایەتییەکی گەورەیە.

## بە ٥٥ خولەک ٣٠ هەزار جونەیهی بە دەستهێنا

خانمە گۆرانیبێژی پۆپی ئەمریکی بەناوبانگ ریهانا، لەبەرامبەر دەرکەوتنێکی ٥٥ خولەکی لە دیسکۆی "بامبۆ" لەشاری لیڤەرپول لە بەریتانیا ٣٠ هەزار جونەیهی وەرگرت، ئەمەش گەورەترین نرخە بدرێتە گۆرانیبێژێك بۆ ئەو کاتە کەمە. دیسکۆی بامبۆ تازە کراوەتەوە، بەدەرکەوتنی ئەو گۆرانیبێژە بەناوبانگە جەماوەرێکی زۆری بەخۆی ئاشنا کرد.



## تامر حوسنی و لاساییەکی تری عەمر دیاب

گۆرانیبێژی لاوان "تامر حوسنی" لەهەنگاوە سەرەتاییەکانییەوە تاوەکو ئێستا کە بووەتە گۆرانبێژی یەکەمی هەموو لاوان، لاساییکردنەوەی زۆر بەرچاوی پێوە دیارە بۆ شێوازی گۆرانیبێژی عەرەبی و جیهانی "عەمر دیاب"، ئێستاش دوای ئەوەی دیاب رادیۆیەکی تایبەت بەخۆی کردەوە، ئەوەتا ئەمیش سەرقاڵی هەمان پرۆژەیە.

جێی باسە تامر لەهەموو لێدوانەکانی نکۆڵی لەوە دەکات کە ئەو لاسایی عەمر بکاتەوە.

## ئەو فیلمانەی لەم هەفتەیەدا زۆرترین داهاتیان بەدەست هێناوە

# "پیاوی ئاسنین" بەهێزێکی ئاسنینەوە، پلەی یەکەم وەردەگرێت

فیلمی ئەکشن "Iron Man٢" توانی پلەی یەکەمی ئەم هەفتەیە بەدەست بێنێت، دووەم زۆرترین داهاتی هەفتانەی ئەمساڵ کۆبکاتەوە دوای فیلمی "ئەلیس" کە توانی لەماوەی سـێ ڕۆژ زیاتر لە ١٣٣ ملیۆن دۆلار بەدەست بێنێت.

ئەم فیلمە بەشـی یەکەمی لەسـاڵی ٢٠٠٨ بەرهەمهێنرابـوو، ئەگەر بە وردی تەماشای ئەو بەشەی پێشوو بکەین، بۆمان دەردەکەوێـت چیرۆکی فیلمەکـە لەوەندە کۆتایی نایەت و بەشـی دووەم بەڕێوەیە. لەبنەڕەتیشـدا فیلمەکە یەکێکە لەزنجیرە چیرۆکەکانی "مارفل کۆرمس" کەلە ساڵی ١٩٣٠ سەدەی پێشوو بۆ منداڵان نووسرابوو، و وەك چیرۆکێکی منداڵان بڵاوکرابووەوە، دواتریش لە هەشـتاکانی سەدەی پێشوو کراوەتە زنجیرە کارتۆنی منداڵان.

ئەگەرچی دوای دووساڵ بەشی دووەم بەرهەمهێنرا، بەڵام ئەم ماوەیە هۆکارێکی باش بـوو بۆ بەرەوپێشـبردنی تەکنیکی فیلمەکە و زیاتر کەسـایەتییە ئاسنینە لە ڕاستییەوە نزیك بێ.

فیلمەکە شـێوازێکی کۆمیدیای لەخۆ گرتـووە، باس لـە زانایەکـی بەریتانی ملیاردێر دەکات بەناوی "تۆنی سـتارك" کە چۆن مامەڵە لەگەڵ چەند کێشەیەکی وێرانکـەر دەکات کـە پێوەنـدی بـە حکومـەت و هاوڕێکانییـەوە هەیە، ئەمە جگە لە چەند کێشەیەکی تر کەلەم بەشەی فیلمەکە بۆی دروسـت دەبێت بەهۆی لەخۆبایی بوونی پیاوە ئاسنینەکە، کەهەر خۆیەتی و خۆشی دروستی کردووە.

فیلمەکە لە دەرهێنانـی "جۆن فافر" و پاڵەوانێتی "ڕوبـەرت داونی، دۆن چیدڵ، سکارلێت جۆهانسۆن، جۆنیت بالترۆ"یە.

ئەمەش تەواوی باشترین فیلمەکانی ئەم هەفتەیـەی ئەمریکا بەپێـی پەیداکردنی زۆرترین داهات:




1- (١٣٣،٦٠٠ (Iron Man ٢ ملیـــۆن$، کۆی داهات: ١٣٣،٦٠٠ ملیۆن$، بە یەك هەفتە.

2- (A Nightmare on Elm Street (٢٠١٠)) ٩،١٧٠ ملیـــۆن$، کـۆی داهات: ٤٨،٥٣٠ ملیۆن$، بە ٢ هەفتە، پلەی پێشوو.

3- ((How to Train Your Dragon ٦،٧٦٠ ملیۆن$، کۆی داهات: ٢٠١،٠٩٣ ملیۆن$، بە ٧ هەفتە، پلەی پێشو:٢.

4- (٥،٣٠٠ (Date Night ملیـــۆن$، کۆی داهات: ٨٠،٦٠٤ ملیۆن$، بە ٥ هەفتە، پلەی پێشوو:٣.

5- (٤،٤٥٥ (The Back-up Plan ملیـــۆن$، کۆی داهات: ٢٩،٤١٣ ملیۆن$، بە ٣ هەفتە، پلەی پێشوو ٤.

6- (٤،٠٠٠ (Furry Vengeance ملیـــۆن$، کـۆی داهات: ١١،٦٢٧ ملیۆن$، بە٢ هەفتە، پلەی پێشوو:٥.


7- (٢،٣٥٥ (Clash of the Titans ملیۆن$، کۆی داهات: ١٥٧،٩١١ ملیۆن$، بە ٦ هەفتە، پلەی پێشوو٧.

8- (٢،١٢٣ (Death at a Funeral ملیـــۆن$، کۆی داهات: ٣٨،٣٢٠ ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشو:٩.

9- (١،٨٠٨ (The Losers ملیـــۆن$، کۆی داهات: ٢١،٣١٣ ملیۆن$، بە ٤ هەفتە، پلەی پێشوو:٦.

10- (١،٥٧٥ (Babies ملیۆن$، کـۆی داهات: ١،٥٧٥ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.










ئا: عەبدوڵلا چنگیانی

# هیڤیدار زانا:

# ناکرێ هەر کەسێک گۆرانییەکی پێشکەش کرد ناوی هونەرمەندی لێ بنێین



فۆتۆ/کەمال ئاکرەیی

● **هیڤیـــدار زانا خەڵکی شاری مێرسینی باکووری کوردستـــانە، لە ســـاڵی ١٩٩٥ەوە هاتۆتە نێو بواری راگەیانـــدن و بە درێژایی ئەم ماوەیە شـــارەزاییەکی زۆری لە بوارە جیاجیاکانی کۆمەڵایەتـــی و هونەری و سیاســـی پەیـــدا کردووە و یەکێکـــە لـــە بێـــژەرە سەرکەوتووەکانی ئێستای ســـەتەلایەتی کوردســـتان کە لـــە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانـــی ژیانـــی کوردانـــی هەندەرانـــە، بۆیە بە پێویســـتمان زانی ئەم دیمانەیـــەی لەگەڵدا ســـاز بکەیـــن دەربارەی راگەیاندنـــی کـــوردی و لایەنی هونەری و موزیک بەشێوەیەکی تایبەت.** ●

***کاری راگەیاندنی بەتایبەتی لە بواری هونەری بـــۆ ئافرەتێکی کورد لـــە ئەوروپا ئاسانترە یان لە کوردستان؟**

- لە ئەوروپا دەرفەتەکان زیاترن بەتایبەتی بـــۆ ئافرەتـــان، چونکـــە لەوێ هەســـت بە جیاوازییەکـــی زۆر ناکرێت، هەروەها ئافرەت و پیاو هەمان پێگـــە و بەهایان هەیە، بەڵام لە کوردســـتان بەو شـــێوەیە نییـــە و زۆر بە جددی وەرناگیرێ، ئـــەم جیاوازییەش تەنیا بۆ بواری راگەیاندن نییە، بەڵکو بۆ ئافرەتی سیاســـەتمەداریش بە هەمان شێوەیە، کاتێك ئافرەت لە هەموو بەشـــەکانی ژیان شوێنی خۆی بەگوێرەی سەنگی راستەقینەی خۆی نەگرتبێت، بەشـــێوەیەکی گشتی کارەکان بۆ ئافرەت تا رادەیەك زەحمەت بن.

***کـــورد کەوتۆتە نێوان ســـێ کولتووری جیاواز لە بواری هونـــەری، پێتوایە ئێمە لە کامیان زیاتر نزیکین؟**

-ئەمە دەگەڕێتەوە سەر هەر پارچەیەك بە جیا، ئێمە لە باکوور بمانەوێ و نەمانەوێ لەبەر ئەوەی هەڵسوکەوت و ژیان و خوێندنمان لەگەڵ تورکیایـــە، بۆیە کەوتووینەتە ژێر کاریگەری تورکەکان، بۆیـــە تا رادەیـــەك کاریگەری کولتوور و هونەریان بەســـەر ئێمەوە هەیە، بە هەمان شێوەیە بۆ کوردەکانی عێراق و سوریا کاریگـــەری عەرەبی و کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش کاریگەری فارسییان بەسەرەوە هەیە، چونکە ئێمە بەو کولتوورە گەورە بووین و ناتوانین بڵێیـــن ئێمە پاکین و کاریگەرییان بەسەر ئێمەوە نییە، هەروەها گڵۆبالیزەیشنیش وایکردووە کە ئاسایی بێت ئێمە بە کولتوور و هونەری ء چین و ژاپۆن کاریگەر بین.

***چۆن دەتوانیـــن وەك کورد کولتوورێکی تایبـــەت بە خۆمان دروســـت بکەیـــن لەنێو گەلانی جیهان کە پێی بناسرێینەوە؟**

- پێموایـــە ئەم هەنگاوە دەســـت پێکراوە، چونکە پێش ئێســـتا هاتووچۆ زەحمەت بوو، مـــن نەمدەزانی لە هەولێر چ هەیە بە هەمان شیوە کوردێکی سلێمانی یان هەولێر نەیدەزانی لـــە لای من و لە رۆژهـــەڵات و رۆژئاوای کوردســـتان چی روودەدات، بەڵام دوای ئازاد بوونی هەرێمی کوردستان، بووەتە ناوەندێك بۆ کوردانی هەموو پارچەکانی کوردستان.

***بەر لە ئازاد بوونی کوردســـتان هونەر و کولتووری ئێمە لەژێـــر کاریگەری هونەری دوژمنانـــدا بوو، بـــەڵام پێتوایـــە لە رووی هونەرییەوە ئەم دەرفەتە وەکو پێویست سوودی لێ وەرگیراوە بۆ پێشخســـتنی هونەر لەدوای ئازادکردنی ئەم پارچەیە؟**

-ئازادکردنی هەرێمی کوردستان سوودێکی زۆری بـــە هونـــەر گەیانـــدووە، چونکە بە ئازادبوونی باشـــووری کوردســـتان بەدەیان رۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆنی ئاسمانی و لۆکاڵ کەوتنە پەخش و چاپکردن و دەرفەتێکی باشـــتر هاتە ئاراوە کە هونەرمەندان دەنگی خۆیان بە جەماوەر رابگەیەنن، کە پێشـــتر ئەم



دەرفەتە لە ئارادا نەبوو، هونەرمەندانی کورد لە دەرەوە رەنگە ساڵانە تەنیا لە یەك ئاهەنگ یان کۆنسێرتێکدا بەشداریان بکردایا، هەروەها بەشێکی زۆری هونەرمەندان دەرفەتی ئەوەیان نەبوو سیدییەك بڵاوبکەنەوە، ئەگەر ئەمەشیان بکردایە، ئەوا لە گیرفانی خۆیان بوو بێئەوەی هیچ بەرامبەرێك وەربگرنەوە، ئێستا کار گەیشتۆتە ئەوەی کە هونەرمەندانی کورد بژێوی ژیانیان بە هونەر پەیدا بکەن، جا بە فرۆشتنی سیدی یان ئەنجامدانی بەرنامەی هونەری بێت، ئەمە هەمووی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە شوێنێکمان هەیە لە باوەشمان بگرێت و دەتوانین دەربڕی هەست و نەستەکانی خۆمانی تێدا بکەین.

*** هونەرمەندانی کوردستان (هەندێکیان) پێیانوایە کە دەسەڵات گرنگی زیاتر بە هونەرمەندانی دەرەوەی کوردستان دەدات، تۆ چی دەڵێی بۆ ئەم قسانە؟**

- بێگومان هونەرمەندانی کورد لە دەرەوەی کوردستانیش مافی خۆیانە دەسەڵاتی کوردستان ئاوڕیان لێبداتەوە و دەستی هاوکارییان بۆ درێژ بکات، چونکە مەرج نییە یارمەتی هونەرمەندانی دەرەوە یان ناوەوەی کوردستان بدات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت و شتێك پێشکەش بکات، هەروەها ئەم مەسەلەیە هەندێك جار وەستاوە لەسەر توانا و لێهاتوویی کەسانێك هەن لە ئەوروپا دەژین، بەڵام بەهرەیەکی هونەری ئەوتۆیان نییە کە لەلایەن جەماوەرەوە خاوەن دەنگێکی ویستراو بێت، لە ساڵێکدا تەنیا گۆرانییەك پێشکەش دەکات، بەجۆرێك کە دەتوانین بڵێین بوونەتە بەڵا بەسەر هونەری کوردییەوە، ئەمانە شایەنی هاریکاری کردن نین، جا لە کوردستان بژین یان لە دەرەوە.

ئێمە ئێستا لە قۆناغێکداین کە ناکرێ هەر کەسێك گۆرانییەکی پێشکەشکرد، ناوی هونەرمەندی لێ بنێین، چونکە ئێستا خەڵك گەیشتۆتە ئاستێك کە کاری باش و خراپ لە یەکتری جیا بکاتەوە.

*** سازدانی فیستیڤاڵێکی هونەری بۆ هەر چوار پارچەی کوردستان لەم بەشە ئازادەی کوردستان بە بەشداری هونەرمەندانی هەموو پارچەکان تا چەند بە گرنگ دەبینی؟**

- وابزانم فیستیڤاڵی لەمجۆرە سازکراوە، بەڵام نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی هونەرمەندانی دەرەوە و هەموو پارچەکانی بەشداری تێدا بکەن، سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندانی کورد بەشدارییان تێدا کردووە، بەڵام پێویستە لە نزیکەوە زیاتر ئاگاداری یەکتر بین.



*** ئایا هونەرمەندانی کورد لە دەرەوە توانیویانە هونەری کوردی بگەیەننە ئاستی هونەری جیهانی؟**

- ئەگەر مەبەستت ئەوە بێت کە هونەرمەندێکی کورد گەیشتبێتە ئاستێك کە لەنێو هونەرمەندانی جیهانیدا ناوبانگ دەربکات و بناسرێت، ئەوە هێشتا ماوە، ئەوەی راستی بێت تا ئێستا هونەرمەندانی ئێمە نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە کەسێکی بیانی گوێ لە سیدییەکانی بگرێت یان لە سوپەر مارکێتەکان سیدییەکانی بفرۆشێت، تەنیا ئەوە نەبێت لە هەندێك ئاهەنگدا هونەرمەندان لەگەڵ هونەرمەندە بیانییەکاندا بەشداری دەکەن.

**بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی**
**بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :**
Mobile: 07504494920 huneri@gulan-media.com